## نموونەی هەندێ پرسیاری واتاسازی بۆ قوتابییانی قۆناغی چوارەم

١. پەیوەندی واتاسازی بە ئیدیەمەوە چییە؟ بەکورتی روو‌ونی بکەرەوە.

٢. پەیوەندی واتاسازی بە فەرهەنگەوە چییە؟ بەکورتی روو‌ونی بکەرەوە.

٣. پەیوەندی واتاسازی بە فەلسەفەوە چییە؟ بەکورتی روو‌ونی بکەرەوە.

٤. پەیوەندی واتاسازی بە لۆجیکەوە چییە؟ بەکورتی روو‌ونی بکەرەوە.

٥. بیروڕای ئەرستۆ لەبارەی هێما و واتاوە ڕوون بکەوە.

٦. ئەم هاوکێشەیە شیبکەوە:( ڕستە= واتای وشەکان + کاریگەری ڕێزمانی).

٧. پەیوەندی نێوان واتاسازی و ئاستی مۆرفۆلۆلۆجی لەچیدا دەبینییەوە؟ وشە بەپێی پێکهاتەی واتایی بۆ چەند جۆر دابەش دەبێ؟ روونی بکەوە.

٨. وشەکانی( ژن،ژنانە شێر، گوڵ، ئاگر) لەم رستانەی خوارەوە، خاوەنی چ سیمایەکی جیاکەرەوەی واتایین؟ بیانووسە: ١- ژنێکم دەوێ ژنانە ٢- ئازاد وەک شێر بەشەڕ دێ ٣- هاتووین گوڵی باخەکەتمان پێشکەش بکەیت. ٤- ئاگرێک لە ژوورەوە دانیشتووە

٩. (کابرا بۆ کوڕە بوو بە باوک) لەم رستەیەدا وشەی باوک خاوەنی چ جۆرە واتایەکە؟ جگە لە سیما سەرەکییەکەی چ سیمایەکی دیکەی هەڵگرتووە؟

١٠. ( وەکو برا یارمەتیم داون) لەم رستەیەدا وشەی (برا) خاوەنی چ جۆرە واتایەکە؟ جگە لە سیما سەرەکییەکەی چ سیمایەکی دیکەی هەڵگرتووە؟

١١. واتای شێوازی چییە؟ بەنموونەوە روونی بکەرەوە.

١٢. واتای بابەتی چییە؟ بەنموونەوە ڕوونی بکەوە.

١٣. واتای هاوڕێیەتی چییە؟ بەنموونەوە باسی بکە.

١٤. جیاوازی نێوان واتای بابەتی و واتای شێوازی چییە؟ بە پوختی و بەنمونەوە روونبکەرەوە.

١٥. لە واتای هۆشەکیدا وشە خاوەنی چەند سیمایەکی جیاکەرەوەی بنەڕەتین، ئەو وشانەی خوارەوە خاوەنی چ سیمایەکی جیاکەرەوەن بیانووسە؟ ( مامۆستا ، بەرد، کورسی، پیاو، دارگوێز، ئافرەت، دار، گوڵ، قوتابخانە، ژن، شێر، زانا، چیا)

١٦. پەیوەندی نێوان واتاسازی و ئاستی ڕستەسازی لە چیدایە؟ ڕوونی بکەوە.

١٧. بیروڕای سۆسیر لەبارەی واتا روونبکەوە.

١٨. بەکورتی باس لە بیروڕای ئۆلمان بکە لەبارەی واتاوە.

١٩. لە کتێبەکەی پانینیدا چی لەبارەی واتاوە وتراوە ئاماژەیان پێ بکە.

٢٠. تیۆرەکەی بلۆمفیلدو هاوڕێکانی لەسەر چ بنەمایەک دامەزراوە؟ باری گوتن چۆن دەخەنە ڕوو؟ بە پوختی رونی بکەرەوە.

٢١. بیردۆزی ڕەوشتی لەسەر چەند بنەمایەک دامەزراوە، دیارترین ئەو بنەمایانە چین؟ ڕونیان بکەوەوە.

٢٢. بەپێی بیروڕای فێرس باس لە لێکدانەوەی واتا بکە.

٢٣. ئەم ڕستانە خوارەوە بەپێی تیۆری سیاق شیبکەرەوەو چ دەوروبەرێک ڕۆلی هەیە لە ڕوونکردنەوەی واتاکانیاندا: **١- ژنی جوتیار کارەکەری ماڵی ئاغا بوو. ٢- ئەو کچەم خۆش دەوێ ٣- پێلاوەکانت مەشۆ. ٤- بەیانیت باش. ٥-لە دوێنەوە خەریکی خوێندنەوەیە. ٦- ئەم کۆلانە دەرناچێت. ٧- پارەیەکی باشی کۆکردۆتەوە ٨- داری بە ڕوحی دادا.**

٢٤. بەپێی تیۆری ڕەوشتی ئەم هاوکێشەیە بەنموونەوە ڕوون بکەوە و هەریەک لەم سیگنالانە چی دەگەیەنن. R) ......... s ........... r ........ (S

٢٥. کەموکوری تیۆری ئاماژە(ناونان) لە چیدا دەبینییەوە بەکورتی ئاماژەیان پێبکە.

٢٦. بەپێی تیۆری ناونان پەیوەندی نێوان (بیر، هێما،هێمابۆکراو) ڕاڤە بکە.

٢٧. کەموکوڕی تیۆری ڕەوشتی لەچیدا دەبینیەوە؟ بەپوختی باسی بکە.

٢٨. تیۆری بەکارهێنان چییە؟ بەنموونەوە ڕ،ونی بکەوە.

٢٩. دەوروبەری فیزیکی چیە؟ باسی بکە.

٣٠. دەوروبەری کۆمەلایەتی چییە؟ باسی بکە.

٣١. دەوروبەری کەلتووری چییە؟ باسی بکە.

٣٢. مەبەست لە واتای هۆشەکی چییە؟ بەنموونەوە ڕوونی بکەوە.

٣٣. بەکورتی بۆچوونی ئۆگدن و ریچاردز لەبارەی ناونان و پەیوەندی نێوان ئاماژە و ئاماژەبۆکراو و بیرو سێگۆشەی واتایی ڕونبکەوە.

٣٤. جیاوازی نێوان واتای هۆشەکی و واتای بارکراو چییە؟ بەنموونەوە ڕ،ونی بکەوە.

٣٥. تایبەتمەندی هەریەک لە واتای هۆشەکی و واتای لاوەکی بنووسە.

٣٦. ئەم دوو ڕستەیە خاوەنی چ جۆرە واتایەکن؟ کامیان دروستە؟ بۆ؟ ڕوونی بکەوە.

٣٧. بەیانیت باش. - بەیانیت چاک.

٣٨. واتای بارکراو چییە، جۆرەکانی چین، تایبەتییەکانی چین، لە ڕستەی( کابرا بۆ کوڕە بوو بەباوک)وشەی (باوک) چ سیمایەکی بارکراوی هەڵگرتووە؟

٣٩. بە پێی تیۆری شیکردنەوە وشەکانی زمان لە سەر بنەمای سێ ئاستی پلەدار شیدەکرێنەوە، ڕوونی بکەوە ئەو بنەمایانە چین؟